

ژاکا

# غه مى دوورى

گیانه لەغەمی عیشقت بێ ماڵ و پەنا تاکەی؟!
زاڵم دڵەکەم خوێنە، دەی جەور و جەفا تاکەی؟!
مۆمی تەمەنم سووتا، ئێستایە کەمردن بێ
ڕووحم چ برینداره، دەردی نەدەوا تاکەی؟!
من بوومە قەڵەم هەروا، بەدوای وشەدا مردم
مەرگە لەژیانمدا، ئەم زووڵمە وەها تاکەی؟!
چیرۆکە ژیانی من، چیرۆکی غەمی دووری
گریانە بەشی چاوم، بێ نان و نەوا تاکەی؟!
چاوم مەلی پەروازە، ئاواتی بزەی تۆیە
تامەزرۆ بەچاوی تۆ، شێنی بەنیگا تاکەی؟!
بویتە بووتی ئیمانم، سەر دادەنوێنم بۆت
گەر کفرە بەئیمانت، بۆت بوون و خودا تاکەی؟!
ژاکا دەڵێ: با وابێ، دووربە لەمن و ڕووحم
لابە غەمی دووریشت، زوڵمی نەڕەوا تاکەی؟.!

**1394/3/19**
**ڕانیە**
**ژاکا**